بەرەییەک لە دەرەوەی ئیرادەی سیاسی گەلی کوردستان

سەلاح بەیتوڵا ئاکرەیی

سەرەتا دەمەوێت بە کورتی باسی ئەوە بکەم کە مەسەلەی سەربەخۆیی مەسەلەیێکە پەیوەستە بە ئایندە و جارەنوسی گەلی کوردستانەوە بە گشتی. لە دوێنێوە هەتاکو ئەمڕۆ بارزانی و هاوپەیمانەکانی خەباتیان بۆ ئایندەی خەڵکی کوردستان کردووە و تێکۆشاون لە پێناویدا و قوربانییان بۆداوە و ئەمڕۆش لەم قۆناغەدا کە دەتوانم ناوی لێبنێم قۆناغی زێڕین واتە دەرفەتێکی لەبارە لە بەردەم دۆزی ڕەوای گەلەکەمان دروست بووە و نابێ دەرفەتێکی لەم چەشنە سوودی لێ وەرنەگرین و بە هەند وەرینەگرین دەبێ بە هەمو توانایێکمانەوە پشتگیری سەر خستنی ئەم پرۆسە گەورەیە و نیشتیمانیە بکەین کە سەرۆک بارزانی ڕێبەرایەتی دەکات بە هاوکاری و پاڵپشتی هەمو سەربەخۆیی خوازانی گەلەکەمان.

ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان بە بەرژەوەندی سیاسەتی ئەمڕۆی جیهانی دایە و نە لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان و دەڤەرەکە دایە بە گشتی. میتژووی سیاسی ناوچەکەمان ئەوەمان پێ دەڵێت کە بە ڕەتکردنەوەی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان سەقامگیری سیاسی و ئەمنی بە درێژایی سەد ساڵ جێگیر نەبووە بویە دانانن بە ئیرادەی سیاسی گەلی کوردستان بۆ سەربەخۆیی واتە گەرانەوەی ئاشتی و ئارامی بوو دەڤەرەکە و لەسەروی هەموشیانەوە بو بڕیاق وئەوەش نە بەو مانایە کە گەلی کوردستان هۆکاری دروست بوونی ئەم دوخە سیاسییەیە کە لە ئارادایە، بەڵکو کولتوری سیاسی دەوڵەتانی ناوچەکە هۆکاری سەرەکی بونە و هۆکاری سەرەکی خولقاندنی ئەم هەمو قەیرانانەن، چونکە خو بە باشترو بەبەرزتر زانینیبیان لە غەیری خۆیان ڕەتکردنەوەی مافی ئەوانیتریان لێ کەوتەوە، نمونەی زیندووش ڕەتکردنەوەی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستانە.لە درێژایی قۆناغەکاندا و گەلی کوردستانیش بەرگری لە بوون و ناسنامەنەتەوەیی و نیشتیمانی خۆی کردووە وەک مافێکی ڕەوا.

ژمارەیێکی بەرچاو لەو باڵ وکەسایەتی سیاسی و ئیعلامیانە ی کە ئەمڕۆ دژایەتی پرۆژەی سەربەخویی کوردستان دەکەن بێشک (تابوڕی پێنجەمن) لە سوپای دوژمن دژ بە خواست و هیواو ئاواتەکانی خەڵکی کوردستان.

ئەمانە هەمان ئە و باڵ و کەسانەن کە هەر لە دەسپێکی هەڵبژاردنی 19/5/1992 سوودیان لە بوشایی و ململانێی سیاسی حزبە سیاسیەکانی نێو بەرەی کوردستانی وەرگرت و خەڵکێکی زۆریشیان چەواشە کرد و ئەو بۆشاییانەیان قۆستەوە و خزانە نێو پارتە سیاسییەکان تا ئەو ئاستەی کە ئەمڕو دەبینین بوونەتە بڕیار بە دەست و دەستڕێشتوی هندێ لایەنی سیاسی و بەردەوام خەریکی گاڵتەکردن بە ئایندەو چارەنوسی گەلەکەمان، هەڵگری ئەو ئامانجەن کە دوژمنانی ژوری ڕەوای گەلەکەمان ئستراتیژیەتی سیاسیانە تا ئەمڕۆ، بویە پێویستە ئەمانە جیا بکرێنەوە لە کورد پەروەران و نیشتیمان پەروەرانی نێو ئەو لایەنە سیاسیانەی کوردستان کە کەوتونەتە بەرەی دژی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان و بە خەڵک بناسێندرێن وماهیەتیان بۆ هاوڵاتیان بە گشتی ڕون بکرێتەوە.

لە وتارێکی پێشووتریشمدا باسی ئەوەم کرد کە نەخشەو پیلانی دوژمنان و ناحەزانی گەلی کوردستان بە شێوەیکی بەرنامە بو داڕێژراو ئەگەر بە تەنیا لە سەرەتای دەسپێکردنی پەلامااری داعش بە نمونە وەربگرین تا ئەمڕۆ زۆر ڕون و ئاشکرایە هەمو ئە و میکانیزمانەی کە دانرابوون لە نەخشەی خۆیاندا بە هاوبەشی واتە بە هاوبەشی لەگەڵ تابوڕی پێنجەم دا ویستیان ئەزمونی هەرێمی کوردستان لەنا و ببەن. بۆ نمونە ڕادەستکردنی شاری مووسڵ و چەندین شارو شارۆچکەی تری ناوچەی سوننە نشینی عێراق بە چەک و تەقەمەنی مودێرنەوە، ئامانجی سەرەکی ئەم پیلانە بۆ پەلامارادانی هەرێمی کوردستان بوو، کە تەواوکەری هەمو ئەو هەوڵانە بوون کە لە نێو خوی هەرێمی کوردستان دا دژی بارزانی و پارتی و هاوپەیمانەکانیان ئەنجام دەدران لە پێناو لاواز کردنی پێگەی پارتی و بارزانی و هاو سوزەکانیان، ئەمەو گوشاری ئابوری و گوشاری هاتنی بە لێشاوی ئاوارەکان و گێچەڵ فڕۆشتن بەناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی یێدارەی هەرێم و هەروەها هەوڵدان بو تێکدانی دوخی ئەمنی و ئارامی هەرێمی کوردستان بە هاوکاری ناحەزانی ناوخو کە لە هەموویاندا شکەستیان خوارد دڵنیام ئەم دژایەتیە کردنەشیان سەر ناگرێت و ئیرادەی سیاسی گەلی کوردستان لە ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی دا سەردەکەوێت .

لێرەوە داوا لە بەرەی سەربەخویی خوازان دەکەم کە هەمو هەوڵێکی خویان بخەنە گەڕ بۆ کۆتایی هێنان بەم هەمو قەیرانەو کێشانەی کە دوژمنان و ناحەزانی هەرێمی کوردستان دروستیان کردووە و زەمینەیێکیان بۆ خۆیان پێ ڕەخساندووە بۆ چەواشەکردنی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان هەتاکو هەر هیچ نەبێت بتوانن شکەست بەم پرۆسە نیشتیمانیە بهێنن بۆیە باشترین ڕێکا چارە ئەوەیە کە بە جددی کێشەی دارایی و ئابوری بەتایبەت مەسەلەی پاشەکەوتی موچەی فەرمانبەران و کێشەکانی تر چارەسەر بکرێن تاوەکۆ نەیارانی سەربەخۆیی وک بیانوێیکی سەرەکی بۆ بەلاڕێدا بردنی هاونیشتیمانیان بەکار نەهێنن و ڕێژەی دەنگدان بو سەربەخۆیی بگاتە ئاستێکی زۆر بەرز و ئیرادەی سیاسی بەرز و بەهێزی گەلەکەمان بە هەمو مروڤایەتی ڕابگەیێنین.

لە کۆتایی دا سەرکەوتن هەر بۆ خەڵکی کوردستانە،ل دوا جاردا شەرمەزاریش بو گشت ناحەزان و نەیارانی سەربەخۆیی کوردستانە. هەرێمی کوردستانیش پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێوە وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ و ئالا پیرۆزەکەی دە شەکێتەوە لە هەموو جیهاندا.

کورد لە میداکانی جیهاندا

Anadolu Agency

مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دووپاتی لەسەر ئەوە کردۆتەوە تێکۆشانی گرووپی تیرۆریستی داعش کۆتایی بە کێشەکانی ناوچەکە ناهێنێت بەڵکو پێویستە لە ریشەی تێبگەین.بارزانی بە ئاکادیمیست و سەرانی خاوەن دید و بۆچوون لە هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانی عێراق ڕایگەیاندووە ئەگەر ئێمە هۆکارەکانی دروستبوونی داعش چارەسەر نەکەین ئەوا بەشێوەیەکی دیکە بەردەوامی دەبێت.بارزانی ڕاشکاوانە هێمای بۆ ئەوە کرد کە دۆخی مانەوە لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوو و لەهەمانکاتدا شەڕکردن و خراپتر بوونی کێشەکان جێگەی قبوڵکردن نییە.دوای ڕیفراندومەکە ، ئێمە دەست بە دیالۆگ لەگەڵ بەغدا دەکەین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بەرێگەی ئاشتیانە و گونجاو.

کەرکووک و ریفراندۆمی کوردستان

Arab News

دوای ڕاگەیاندنی وادەی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان ، بابەتەکە هاتۆتە سەر ئەو پاریزگایانەی کە ریفراندوم تیایاندا ئەنجام دەدرێت.هەرێمی کوردستان تەنانەت شاری فرەنەتەوەی کەرکووکیشی خستووەتە نێو ریزی ئەم پاریزگایانەی کە ریفراندۆم دەگرێتەوە کە هەر لە ساڵی هەزار و نۆ سەد و شەست و هەشتەوە کورد دووچاری ڕاگواستنەوە و دەرکردن بوو.کورد هەر بۆیە دەڵێت کە دەبێت ریفراندۆم لە کەروکێش بەرێوە بچێت.لەلایەکی دیکەوە ، بەگوێرەی سەرژمێریەکانی 1957و 1977و 1997 کورد بەر لە پرۆسەی تەعریب ، گەورەترین نەتەوە لە کەرکووک بووە.شاری دەوڵەمەند بە نەوتی کەرکووک بۆ دەوڵەمەندی هەرێمی کوردستان گرنگە.

ئایا کوردەکان شایەنی دەرفەتێک نین کە دەوڵەتی خۆیان دابمەزرێنن؟

Chronicle Live

رۆژی بیست و پێنجی ئەیلوولی ئەمساڵ ، کوردانی عێراق لە ریفراندۆمێکدا دەنگی خۆیان دەدەن لەوەی ئایا دەیانەوێت لە چوارچێوەی عێراقدا بمێننەوە یان دانووستان بۆ دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆیان بکەن.لەم سۆنگەیەوە ، لەدایکبوونی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان و پشتیوانی بەهێزی ڕۆژئاوا دەتوانێت گۆڕانکاری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دروست بکات بەتایبەتی کە تارمایی داعش ڕۆژگاری بوو.ئێستاش کوردانی عێراق قەوارەیەکی نیمچە سەربەخۆ بەرێوە دەبەن و لە قۆناغێکدا کە هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی تەواو دەنێن.لە سەردانەکانماندا بۆ کوردستانی عێراق زۆر کەم بەبیرمە کە کوردستان بە عێراق بچێت.کورد ڤیزای خۆی لە پاسپۆرت لێدەدات، ئالای کوردستان لە هەموو شوێنێک دەشەکێتەوە ، هەروەها هەرێمی کوردستان خاوەن ئاسایشێکی بەهێزە و هێزی پێشمەرگە ڕۆلێکی سەرەکی لە شەڕی تێکشکانی داعشدا گێڕاوە)).

پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان دەچێتە قۆناغێکی تازەوە

hamodia.com

بۆ زۆربەی هەرە زۆری کوردانی عێراق ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ ئەنجامدانی ریفراندومی سەربەخۆیی کوردستان.سەرەتای ئەم مانگە مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دووپاتی لەسەر ئەوە کردەوە کە ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە بیست و پێنجی ئەیلوولی ئەمساڵ بەڕێوە دەچێت.لە پرۆسەی دەنگدان بۆ سەربەخۆیی کوردستانی عێراق زۆر کەم جگە لە کوردانی هەر چوار پاریزگای هەرێمی کوردستان ، هەولێر ، سلێمانی ، دهۆک و هەلەبجە ، ناوچە دابڕێندراوەکان و کوردانی تاراوگە دەنگ بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەدەن.بۆ بارزانی و هاوپەیمانانی چەندین سەدەیە کورد خەبات دەکات و لە ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان ئەم خەونە دێرینە دەبێتە واقیع .

ئایا کوردەکان لە دەرچوونی کورد سەردەکەون؟

Open Democracy

مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەرتووکێکی بەدەستەوەیە کە لە ساڵی هەزار و نۆ سەد و پێنج سەبارەت بە سەربەخۆیی کوردستان نووسراوە کە ئاماژە بە خەباتی باوباپیرانیان دەکات.ئەو پێی وتم کە چۆن وینستۆن چرچل و پاشای ئەو کاتی عێراق کاوێژکردنی یەکسانی عەرەب - کوردی لەبری ئیمپراتۆرێکی عێراقێکی عەرەبی جۆرە ، بەڵام بەغدا بەبەردەوامی ڕەتی یەکسانی کوردی کردووە و جیاکاری و جینۆسایدی بەشێوەی قو ڕس دەرحەق بە کورد پێڕەو کردووە بارزانی و پارتی و هاوپەیمانەکانیان ئەنجام دەدران لە پێناو لاواز کردنی پێگەی پارتی و بارزانی و هاو سوزەکانیان، ئەمەو گوشاری ئابوری و گوشاری هاتنی بە لێشاوی ئاوارەکان و گێچەڵ فڕۆشتن بەناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی یێدارەی هەرێم و هەروەها هەوڵدان بو تێکدانی دوخی ئەمنی و ئارامی هەرێمی کوردستان بە هاوکاری ناحەزانی ناوخو کە لە هەموویاندا شکەستیان خوارد دڵنیام ئەم دژایەتیە کردنەشیان سەر ناگرێت و ئیرادەی سیاسی گەلی کوردستان لە ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی دا سەردەکەوێت .

لێرەوە داوا لە بەرەی سەربەخویی خوازان دەکەم کە هەمو هەوڵێکی خویان بخەنە گەڕ بۆ کۆتایی هێنان بەم هەمو قەیرانەو کێشانەی کە دوژمنان و ناحەزانی هەرێمی کوردستان دروستیان کردووە و زەمینەیێکیان بۆ خۆیان پێ ڕەخساندووە بۆ چەواشەکردنی ، ئەمە لەکاتێکدایە کە کورد لە ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان لە بیست و پێنجی ئەیلوولی ئەمساڵ بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان دەدەن.

کورد کەرکووکی پاراستووە

The Conversation

دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان چاویان لەو ناوچە جێی ناکۆکیانەیە کە بەهۆی شەڕی داعشەوە کەوتونەتە دەستی دەسەڵاتی کوردییەوە.پێشتر داعش پانتاییەکی زۆری باکووری ڕۆژئاوای عێراقەوە کۆنترۆڵ کردبوو و هەڕەشەی ڕاستەوخۆ بۆ سەر شاری دەوڵەمەند بەنەوتی کەرکووک دروست دەکرد ، بەڵام ئێستاش ئاسایش و پاراستنی گەرکووک بەدەستی هێزە کوردییەکانی پێشمەرگەوەیە و هەموو هێرشێکی بۆ سەر کەرکووکی تێکشکاندووە و کەرکووک هەر لە دوو هەزار و چوارەوە بەشێوەیەکی دیفاکتۆ لە ژێر کۆنترۆڵی کورددایە.کورد هەر ئەمساڵ ، ئالای کوردستانی بەسەر باڵاخانەکانی شارەوانی و چەند شوێنێکی دیکە بەرز کردۆتەوە و لەلایەن تورکیا و تورکمانی کەرکووکەوە ڕەخنەی لێگیراوە .

هەنگاونانی هەرێمی کوردستان بەرەو سەربەخۆیی

washingtonpost

ریفراندۆمی بیست و پێنجی ئەیلوولی ئەمساڵ کە لە هەرێمی کوردستان بەرێوە دەچێت یەکسان نیە لەگەڵ ڕاگەیاندنی ڕاستەوخۆیی سەربەخۆیی ، هەروەها دەستبەجێ گۆڕانکاری لە سروشتی سەروەری کوردی لە باکووری عێراق ناگەیەنێت.ریفراندۆمەکە داوا لە دەنگدەرانی کوردستانی دەکات ئایا دەیانەوێت لە چوارچێوەی عێراقدا بمێننەوە یان ببنە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆیان.هەروەها ریفراندۆمەکە ، ڕێگایەکی بەهێزە بۆ کوردانی عێراق بۆ ئەوەی خواستی خۆیان بۆ سەربەخۆیی دوای نەمانی داعش لە عێراق بهێننە دی و سەنگ و قورسایی کورد لەگەڵ بەغدا بەهێز دەکات.

دژایەتیکردنی ڕیفراندۆمی کوردستان مەهزەلەی عەقڵی کوردی

د. نەسرەدین ئیبراهیم کۆڵی*

ئەم ناونیشانە هاوشێوەی چەمک و ناوی یەکێک لە پەرتووکەکانی فەیلەسوفی مەزن، عەلی وەردی (1912- 1995)یە، کە دەبێ بە شانازییەوە هەڵگری مەدالیای ڕاستەقینەی " باوکی هەژاران" بێ، چونکە نەک تەنها بە باوەر و دڵ و گیان بەڵکو بە کردەوەش سەلماندی کە ئەو مەدالیا و ناوە پڕ بە پێستی خۆیەتی نەک هی کەسێکی تر.

وشەی هەژاران لە وشە هەرە زۆرەکانی نێو بەرهەمەکامی ئەو مرۆڤە مەزنەن، و جگە لەوەش (وەردی) بێجگە لەداکۆکی و بەرگری لە مان و ژیانی هەژاران بە نووسینە بە پێزەکانی، و ڕیسواکردنی زۆرداران و سوڵتانان، چینی هەژاری فێرکرد چۆن لە ژیان بگەن و چۆن بیربکەنەوە و چۆن لە هەژاریی ڕزگاریان ببێ، بە بێ ئەوەی چاوی لە هیچ شتێک و پارەی ئەوان بێ، یان ئەو هەژارانە بۆ بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆی و مەرامەکانی پشتەوەی پەردەی خۆی بەکاربێنێ. ئەو نەک تەنیا هەوڵی نەداوە ئەو هەژارانە بۆ خۆی بیروباوەڕکانی بکاتە مەتاڵ و بە کوشتیان بداتن و ئاژاوە و گێرەشێوێنییان پێ بکاتن و ژیانیان بخاتە مەترسیان، بەڵکو بۆ ئەوان گیانی خۆشی خستبووە مەترسییەوە.

شێوازی نووسینەکانی لە کات و ساتێکدا بوو کە تونڕەوی هزری و ئایینی باڵی بەسەر میشک و میَنتالیتەی مرۆڤی ئەو ناوچەیە دا کێشا بوو و هەر کەسێک نەیدەتوانی و نەدەوێرا ئەو کارە بکات و کار گەیشتە ئەوەی کەسانێک بەهۆی بیرکردنەوە و نووسینەوەکانیەوە و پشتگیری لە هەژاران، ئەویان بە کافر و زەندیق هەژمار دەکرد و (داعشەکانی) ئەو سەردەمە هەوڵی کوشتنیشیان دا.

بەڵام لە کوردستانی من بەپێچەوانەوەیە. ئەوانەی خۆیان بە باوکی هەژاران دەزانن ئەمڕۆ بوونەتە گەورەترین کۆسپ لەبەردەم بەدیهاتنی یەکێک لە خەونە هەرە مەزنەکانی هەژاران و تێکۆڕای کوردستانیان. ئەوانێک بە ناوی " باوکی هەژاران"، نەک تەنیا هەوڵی بەختەوەری هەژاران نادەن، بەڵکۆ هەوڵ دەدەن ئەوان وەک قەلغانی مرۆڤی بەکار بێنن و نەخشە پیس و پۆخەڵەکانیان بە ئەوان جێبەجێبکەن و خۆیانیان بە فیڕۆ بدەن. یان لەوەش خراپتر بە دانانی بەردی بناغەی ڕق و کینە و تۆڵەسەندنەوە و فێرکردن و پێگەیاندنی کۆمەڵێک مرۆڤ و قوتابی لەسەر ئەو بنەمایانە، و چاندنی تۆی ڕەشبینی و بێ متمانەیی، ئەوانیان هانداوە کە بە گشت ڕێگەکان لە دژی ئەو ڕیفراندۆمە بوەستن، کە بێگومان یەکێک لە قۆناغەکانی گرنگ و سەرەتاییەکانی گەیشتنی هەژاران و تەواوی خەڵکی کوردستان بە مافە ڕەوا و زەوتکراوەکانیان، و دواتر ڕزگاربوونیان لە هەژاری و زۆر مەینەتی پەیوەندیدار بەو دێوەزمەیەی کە ئەوە سەدان ساڵە بە سەر شانی ئەوانەوە گرانایی دەکاتن.

لەوانەیە لای میللەتان جۆری " مەهزەلەی عەقڵ " هەبێ، بەڵام ئاستی هیچ یەک لەو مەهزەلانە ناگاتە ئەوەی لای (هەندێک) ؟! کوردستانی هەیە و لە کاتێکدا کە هەموو کەس دوژمنیەتی، خۆیشی دوژمن و ناحەزی خۆیە. دژایەتیکردنی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان لە لایەن هەندێ کەس و لایەنەوە لووتکەی مەهزەلەی عەقڵی کورديیە کە پیشانی ئێمە و جیهانیان دەدرێ، بەم هەڵوێستە یاخود بەم مەهزەلە عەقڵییە دوور نیە تێڕوانینی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و میللەتانی جیهان بەرامبەر بە ئێمەمانان بگۆڕێ و بە چاوێکی سووک تەماشەی ئەو عەقڵیەتە بکەن، ئاخر عەقڵیەتی دژی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان چۆن مەهزەلەی عەقڵ نەبێت؟!!، کێ دیویەتی میللەتێک دژی ئازادی و سەربەستی و سەربەخۆیی خۆیبێت!!.,

* پسپۆڕی زانستەکانی پێداگۆگی و پەروەردەیی/فاکۆلتیی پەروەردە/ زانینگەی زاخۆ